Vision Foundation

for Strategic Studies

# هەواڵنامە

بەهاری ٢٠٢٥

١ی نیسان – ٣٠ی حوزەیران

## پەیامی دامەزراوە

### قۆناغێکی نوێ: لە دیدگاوە بۆ کاریگەری

وەک دامەزراوەی ڤیژن هەر لەسەرەتاوە بڕیارمان دابوو پردێک بین لەنێوان کەسانی شارەزاو پسپۆڕ، کۆمەڵی مەدەنی بەگشتی و دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن. پێمان وایە ئەو شێوازە باشتر و خێراتر دەتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت و گیانێکی کارکردنی پێکەوەیی دروست بکات و چالاکانە چارەسەری گرفت و کێشەکانی نێو کۆمەڵگامان بکات.

لە ئێستادا، لەم قۆناغەگرنگەداین کە زیاتر قوڵببینەوە لە ئەرکەکانی داهاتومان و فۆکەس بخەینە سەر کارە ستراتیجیەکانمان کە ماوەیەکە دەستمان پێکردوە. لەم رووەوە هەندێک پرۆژەی گەورەمان گەڵاڵەکردوە بۆ قسەکردن لەسەر ستراکچەرە هەستیارەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو،بەنیازین لە وەرزەکانی داهاتوودا بەردەوام بین لەسەریان ، لەوانە: بنەماکانی کارکردنی حزبی کوردی و ستراکچەرو ئەگەری خۆگونجاندنی لەگەڵ دونیای مۆدێرنی ئێستا.پرسی هاتوچۆ و رێگاوبان، هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات، کشتوکاڵ و وەبەرهێنان،ژینگە و پێکەوە ژیان و حوکمڕانیی باش، لامەرکەزییەت ، کێشەی کۆچبەران و پەنابەرانو گونجاندنەوە و بەگەڕخستنیان لەنیو کۆمەڵگادا...هتد

بەهیواین تا کۆتایی ئەمساڵ بەشێکی گرنگ لە ئەجێندای کارکردنمان بگەیەنینە شوێنی مەبەست بە هاوکاری و هەماهەنگی دامەزراوە فەرمییەکان وگروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکان.

هەر بۆیەش دروشمی سەرەکیمان لەم قۆناغەدا ئەمە دەبێت: لە دیدگاوە بۆ کاریگەری






## دیدگا و پەیامی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەک ناوەندێکی بیر وتوێژینەوە، هەر لەسەرەتاوە بەمەبەستی کارکردن لەسەرپایە بنەڕەتییەکانی گەشەدان وبەهێزکردنی تواناکانی کۆمەڵگە دروست بوو هەر بەوئاڕاستەیەش کار دەکات.

بۆ دامەزراوەیەک کە نیگای لەسەربەشداریکردنی چالاکانەیە لەچارەسەرکردنی کێشەکان و برەودان بە چاکسازی لە کاری دامەزراوە و سێکتەرەجیاوازەکانی کۆمەڵگە، دەبوو تیشکۆی کارکردنی بەئاڕاستەی ئەوپرسانەدا بێت کە خزمەت بە دروستبوونی دەسەڵاتێکی خزمەتگوزار و مۆدێرن دەکەن.



## ئامانجەکانی داهاتوومان

کار لەسەر بەهێزکردنی گفتوگۆ دەستووریی، ئابووری، دارایی وکۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە و هەرێم بەگشتی دەکەین، لەپاڵ هەوڵەکانی دامەزراوەکانی تر، دەمانەوێت ڕۆڵمان هەبێت لە گەشەپێدان وچارەسەری گونجاو و سەردەمییانە بۆ هەمووئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە و کۆمەڵگەکەمان دەبێتەوە. لەهەمانکاتدا،پێویستە لەوەتێبگەین لە ئێستادا ئێمە بەشێکین لە تەونی سیاسی، دیبلۆماسی و ئابووری عێراق،دەبێت ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن بە ئاراستەی بەهێزکردنی هەرێمەکەمان ودامودەزگاکان و بەرەودان بە گەشەسەندن، وەبەرهێنان و بووژانەوە ببەین. بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە بەهێزکردنی تواناکانی ئێرە و نەخشییان لە دیاریکردنی ئایندەدا.

## هەنگاوەکانمان

- بەشداری کۆمەڵی مەدەنی لە ڕەنگڕێژکردن و هەماهەنگیکردن و بەشداریکردن لە سیاسەتە ستراتیجییە گشتییەکاندا.
- هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی پلانی ستارتیجی و ڕاسپاردە و نەخشەڕێگای کرداری.
- بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە و حوکمڕانی.
- ئایندەسازی بۆ نەوەکانی داهاتوومان.



## هاوبەشەکانمان

هەماهەنگی و هاوکاریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، ڕێکخراوەکان، زانکۆکان و دامەزراوەکانی نێو کۆمەڵگە گرنگ وپێویستن. لەهەمانکاتیشدا، بەرەو بە هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە وخانەکانی بیر دەدەین، جا چ لەناوچەکە و هەرێم، یاخود لەسەر ئاستی عێراق و جیهاندابن.



# گرنگترینەکان



دەمەزراوەی ڤیژن پرۆژەی چاوی کراوەی دەست پێکرد



دیداری دامەزراوەی ڤیژن لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان




کونسوڵی کۆریای باشوور پرۆژەیەکی بۆ گەشەپێدانی ئابوری هەرێم لە دامەزراوەی ڤیژن ڕاگەیاند



دامەزراوای ڤیژن و ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت نەخشەڕیگای بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەرەکانیان ڕاگەیاند





# سەردان و هاوکاری

## بڕیار رەشید پەرلەمانتاری عێراق سەردانی ڤیژن فاوندەیشنی کرد



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دوشەممە ٢٠٢٥/٦/٣٠ د. بڕیار رەشید ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی دامەزراوەی کرد و لەلایەن عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەکەوە و بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراوەکە پێشوازی لێکرا. لەودانیشتنەدا باس لە گرنگی و پەیام و ئامانجەکانی دامەزراوەی ڤیژن کرا و جەخت کرایەوە لەسەرپشتیوانی هەماهەنگی لەنێوان هەردولادا. لای خۆیەوە د. بڕیار ڕەشید دەستخۆشی لە کار و چالاکییەکانی دامەزراوەکە کرد و بەگرنگییەوە باسی لە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەکانی دامەزراوەکەکرد، هەروەک بەڵێنی پشتیوانیی بەئەنجومەنی دامەزراوەکە دا بە ئامانجی بەردەوامی وسەرکەوتنی زیاتر.

## سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات



ڕۆژی شەممە ٢٨-٦-٢٠٢٥ بەرێز خاتوو ئەمەل جەلال سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری کوردستان سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. وێڕای پیرۆزبایی لەدامەزراندن وکارو چالاکیەکانی ڤیژن، خاتوو ئەمەل جەلال بەووردی باسی پلانەکانی گەشتوگوزار و لایەنە بەهێز و دەرفەتەکانی کرد ، ئاماژەی بەوبوارانەکرد کە گرنگە کاریان لەسەر بکرێت و وەبەرهێنانی تێدا بکرێت. لەو دیدارەداسەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن چەند پێشنیارێکی بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەوپۆڵیسی پەیپەر بۆ ستراتیژی گەشتیاری و پێشخستنی خستە ڕوو، وەک بەشێک لە پلانی سلێمانی ٢٠٣٠ وسێکتەری گەشتیاری لەو پلانەدا بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات لەهەرێمدا.

## دامەزراوەی ڤیژن بەشدارە لە کۆڕبەندی دیالۆگی تاران









لەنێوان ڕۆژانی١٧-١٩ی مانگی ئایار کۆڕبەندی ساڵانەی دیالۆگی تاران٢٠٢٥ بەڕێوەچوو کەبڕیاردەرانی باڵا، دیپلۆماتکاران و سەرکردەو بیرمەندەکان لەسەرانسەری ئاسیا وئەوروپا (ئەوراسیا) کۆکردەوە، کۆڕبەندەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژبەردەوام بوو، تاوتوێکردنی ئاسایشی ناوچەکە، گەشەپێدانی ئابووری و میکانیزمەکانی هاوکاریی فرەلایەنە لەتەوەرە سەرەکیەکانی دیدارەکە بون، بە بەشداری نوێنەری زیاترلە 50 وڵاتی ناوچەکە لەوانەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی.دیدارەکە گفتوگۆ و پانێڵ و وۆرک شۆپ و دانیشتنی تایبەتی لە خۆگرت کە تیایدا تیشک خرایە سەر پرسە جیۆپۆلیتیکیە هەنوکەییەکان، لەئاسایشی وزەوە تا ئاڵوگۆڕی کولتووری. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS) تاکە ناوەندی لێکۆڵینەوەی هەرێمی کوردستانە کە بەفەرمی بانگهێشتکرابووبۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندەکە، عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەکە بە نوێنەرایەتی ڤیژن و لەچوارچێوەی دیدارەکەدا پەیوەندی بە وەزیرەکان و بەرپرسانی باڵا وئەکادیمییە دیارەکانەوە کرد بۆ ناساندنی زیاتری کارو چالاکیەکانی دامەزراوەکە.



## دیداری دامەزراوەی ڤیژن لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان







لە میانی بەشداریکردنی سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە کۆڕبەندی دیالۆگی تاران ، عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن، چاوی کەوت بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. لە دانیشتنێکدا باس لەگرنگی بەشداری دامەزراوەکانی هەرێم کرا لەم بۆنەو دیدارە ناوچەیی و جیهانییانەدا،لای خۆیەوە بەڕێزیان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە ڤیژن وەک یەکەم دامەزراوە لە هەرێمی کوردستانەوە بەشدارە لەم کۆڕبەندەدا. لەمیانی دیدارەکەدا سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن،بەشێک لە پلان و ستراتیجی کارکردنی دامەزراوەکەی بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم رونکردەوە،بەڕێزیان لایخۆیەوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەبونی دامەزراوەیەکی لەوجۆرە لەشاری سلێمانی و بەڵێنی پشتیوانی و هەماهەنگی پێدان.

## سەردانی وەزیری رۆشنبیری و لاوانی هەرێم



دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ڕۆژی ٢٠٢٥\٦\٢١ پێشوازی کردلە بەڕێز حەمەی حەمەسەعید وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەکۆبونەوەیەکدا وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان کە هەریەک لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی هونەرو رۆشنبیری سلێمانی و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی یاوەری بون، باسی لەو پڕۆژەئەدەبی و هونەری و کلتوریانە کرد کە لە چوارچێوەی کابینەی نۆیەمدا کاری لەسەرکراوە، هەروەها بەگرنگیەوە باسی لە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان حکومەت ودامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد. هەر لەکۆبوونەوەکەدا باس لەو پانتاییە هونەری و رۆشنبیری و کلتووریانە کرا، کەپێویستیان بە هەنگاو و هەوڵی زیاتر هەیە، لەوانەش بەهێزکردنی زیاتری ژێرخانی ڕۆشنبیری وهونەری و گەشەپێدانی زمانی کوردی و کارکردن لەسەر فراوان کردن وگەشەپێدانی کلتوری کوردی لە ناوخۆ و دەرەوە. بەڕێز وەزیری رۆشنبیری پشتگیری خۆی بۆ کار و پرۆژەکانی دامەزراوەی ڤیژن دەربڕی وئامادەیی وەزارەتەکەی بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ دامەزراوەکە دووپاتکردەوە.

## دامەزراوەی ڤیژن لەگەڵ رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان کۆبوونەوە



ڕۆژی ٢٠٢٤\٦\١٤ شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سەردانی مامۆستا عیرفان علی عبدالعزیز رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانیان کرد لەو سەردانەدا هەردوولا بەشێوەیەکی بابەتیانە گفتوگۆیان لەسەرپرسەکانی نێوکۆمەڵگاو رۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرەوپێشچوونەکانی پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا و رووداو و گۆڕانکارییەکانی سوریا وکاریگەریەکانی ئەورووداوانەش لەسەرهەرێمی کوردستان و عێراقدا کرد.

## ئەمینداری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات



ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٢٥\٥\٢٩ فەریق جەبار یاوەر ئەمینداری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی دامەزراوەی ڤیژنی کرد، لەودیدارەدا گفتوگۆکرا دەربارەی هەنگاوەکانی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزی چەکداری هەرێم و رۆڵی وڵاتانی هاوپەیمان لەو پرسەدا.



## دامەزراوەی ڤیژن بەشداری کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دەکات




ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ٢٠٢٥، د.هەژان خالید، بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان، بەشداریی لە سیمینارێکدا کرد لەسەر "پلاندانانی ژێرخانی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا بۆ وڵاتانی گەشەسەندوو"، کە لەلایەن کۆمیسیۆنی نیشتمانی گەشەپێدان و چاکسازی لە ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی چین ڕێکخرابوو. د.هەژان لە ئێستادا سەرکردایەتی دوو پێشنیاری سەرەکی دەکات کە تیشکیان خستۆتە سەر باشترکردنی گواستنەوەی گشتی و ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان، و بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ هاوبەشە چینییەکان.



د. دیدار عبدالکریم بەڕێوەبەری توێژینەوەکان لە دامەزراوەی ڤیژن بۆلێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕۆژی ٢٥/٥/٢٠٢٥ لە چوارچێوەی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەزانکۆی (BeijingJiaotong) لە وڵاتی چین سیمینارێکی گرنگی پێشکەش کرد. سیمینارەکەی د. دیدار عبدالکریم تایبەت بوو بە"خێراکردنی هەنگاوەکانیگەشەپێدان و بوژانەوەی ڕێگای ئاوریشم لە نێوان چین و وڵاتە هاوبەشەکانی".



بەڕێز دارا حەمە عەلی بەڕێوەبەری دارایی و کارگێڕی لەدامەزراوەی ڤیژن، بەشداری کرد لە سیمپۆزیۆمێکی تایبەت بە "پلاندانان و بنیاتنانی ژێرخانی وڵاتانی گەشەسەندوو" کە لە زانکۆی بازرگانی شەنگەهای بەڕێوەچوو. تێیدا بەڕێز دارا تێڕوانینەکانی خۆی و دامەزراوەکەی سەبارەت بە پلاندانانی دارایی و گرنگی هاوکاری هاوبەش لە پێشخستنی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ژێرخانی بەردەوام خستەڕوو.

## دامەزراوەی ڤیژن لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی سلێمانی کۆبووەوە



ڕۆژی ٢٠٢٥\٥\٢٦ شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆلێکۆڵینەوەی ستراتیجیسەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانیان کرد و لەگەڵ خاتوو لەیلا عومەر سەرۆکیشارەوانی سلێمانی کۆبوونەوە. خاتوو لەیلا عومەر لە کۆبوونەوەکەدا باسی لەو خزمەتگوزارییانە کرد، کەبەڕێوەبەرایەتییەکان پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکات، هەروەها باسی لە پرۆسەی فراوانبوونی شارەکەی کرد و ئەو سەرپێچیانەشی خستەڕوو کەهەندێک جار دەکرێتە سەرموڵکی گشتی کە پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە.

## گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی



ڕۆژی (٢٠٢٥\٥\١٣) سەمیر هەورامی وتەبێژی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد، لە سەردانەکەیداگفتوگۆکرا دەربارەی بوونی هەماهەنگی نێوان ناوەندەکانی توێژینەوە و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## ڕێکخراوی بوارسەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات



ڕۆژی دوو شەممە ٢٨-٤-٢٠٢٥ شاندێکی ڕێکخراوی بوار بە سەرۆکایەتی د.کامەران بابانزادە و شاندێک لەئەندامانی ڕێکخراو سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیانکرد. لەو دیدارەدا گفتوگۆ لەسەر ئایندەی کاری هاوبەش و بردنە پێشەوەی بابەتە فکری و ستراتیجیەکان کرا.





## سەرۆکی ئینستیتیوتی کوردستان سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات

ڕۆژی سێشەممە (٢٢/٠٤/٢٠٢٥) بارام وەلەد بەگی نوسەر و ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرۆکی ئینستیتیوتی کوردستان لە تاران، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیکرد. لەو دیدارەدا گفتوگۆ لەسەر کاری هاوبەش وهەماهەنگی لە نێوان ڤیژن و دامەزراوە مەدەنیەکانی ئێران کرا.



## شاندێکی میترۆ سەردانی ڤیژن دەکەن

ڕۆژی دووشەممە ١٤/٤/٢٠٢٥ شاندێکی سەنتەری میترۆ سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کردو و پیرۆزبایی دامەزراندنی ڤیژنیان گەیاندە ئەندامانی دامەزراوەکە. لەسەردانە دۆستانەکەیاندا شاندی میترۆ بەشە جیاوازەکانی دامەزراوەکەیان بەسەرکردوە و هەردولا ڕێککەوتن کە لەداهاتوودا سود لەتوانا وپەیوەندیەکانی یەکدی وەرگرن بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەبوارە پەیوەندیدارەکاندا. سەنتەری میترۆ تایبەتە بە داکۆکیکردن لە ماف و ئازادیەکانی ڕۆژنامەوانان و پاڵپشتی و پێشخستنی توانای میدیاکاران بۆ ڕوماڵی دروست.



## بەشداری ژنان لەکایە سیاسیەکاندا لەگەڵ خاتو ئەشواق جاف تاووتوێکرا

ڕۆژی ٥ شەممە ١٠/٤/٢٠٢٥ لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی،پێشوازیکرا لە خاتو ئەشواق جاف ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆگفتوگۆکردن لەسەر هاندانی بەشداری زیاتری ژنان لە کایە سیاسیەکاندا.



## دامەزراوەی کەریمی عەلەکە و ڤیژن لەکاری هاوبەشدا

ڕۆژی چوارشەممە ٠٩/٠٤/٢٠٢٥ شاندێکی دامەزراوەی کەریمی عەلەکە سەردانیدامەزراوەی ڤیژن بۆلێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کرد، شاندەکە لەلایەن سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ڤیژن پێشوازیان لێکرا. لە پاش پیرۆزبایی دامەزراندنی ڤیژن، لەدانیشتنێکی دۆستانەدا هەردولا بیروڕایان دەربارەی کاری دوو دامەزراوەکە ئاڵوگۆڕکرد و بڕیاریاندا لەداهاتووی نزیکدا کاری هاوبەش لەبوارەکانی کلتور و ڕۆشنبیری و پەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەیدا ئەنجام بدەن.



# یاداشتنـامەی لێکتێگەیشتـن



## یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی ستراتیژی بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و ژینگە واژۆکرا

ڕۆژی ٢٠ ی ئایاری ٢٠٢٥، لە ئۆفیسی دامەزراوەی مید لەسلێمانی، هەریەکە لە دامەزراوەی مید، کۆلێژی زانستە ژینگەییەکانی زانکۆی سلێمانی،و دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژۆکرد، کەئامانج لێی بەرەوپێشبردنی گەشەپێدانی کشتوکاڵی و ژینگەییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. مەراسیمی واژۆکردنەکە بە نوێنەرایەتی بەڕێزان ئامانج شەوکەت مشیر سەرۆکی بۆردی دامەزراوەی مید و د.عیماد عمر حەمە عەلی ڕاگری کۆلێجی زانستەژینگەییەکان وعەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن بەڕێوەچوو.




## یاداشتنەمەیەکیان واژۆکرد (CDO) دامەزراوەی ڤیژن و ڕێکخراوی

بەمەبەستی ئەنجامدانی پڕۆژەی هاوبەش و هەماهەنگی و توێژینەوە، ڕۆژی (٧/٥/٢٠٢٥)دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (CDO) یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆکرد.




## دامەزراوەی ڤیژن و سەنتەری ڕواقی بەغدادی یاداشتیکی کاری هاوبەش ئیمزادەکەن

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٦/٠٤/٢٠٢٥ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی ئیمزاکرد لەگەڵ سەنتەری ڕواق بەغداد بۆ سیاساتی گشتی بە مەبەستی هاوکاری و هەماهەنگی و ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوەو دیداری هاوبەش لەسەر ئەو پرسانەی لەلایەن هەردوو لاوە گرنگیان هەیە.



## دامەزراوەی ڤیژن و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی یاداشتی لێکتێگەیشتن ئیمزادەکەن



ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٥/٤/٢٠٢٥ دامەزراوەی ڤیژن بۆلێکۆڵینەوەی ستراتیجی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانیئیمزاکرد. یاداشتنامەکە لەمەراسێمێکدا و بەمەبەستی پەرەپێدانی کاری هاوبەش لەلایەن سەرۆکی هەردوودامەزراوەکەوە ئیمزاکراو چوە بواری جێبەجێکردنەوە، کەخۆی لەئاڵوگۆڕی توانای مرۆیی و لۆجیستی و ئەکادیمیدا دەبینێتەوە. دامەزراوەی ڤیژن ئامانجیەتی لەرێگەی ئەو یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنانەی کە لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمی و ستراتیجیەکان ئیمزای دەکات، ببێتەهۆی کۆکردنەوەی توانای ئەکادیمی وداهینەرانەی لایەنە جیاوازەکان بۆ پەرەپێدانی زیاتری هەرێمی کوردستان و عیراق.

## دامەزراوەی ڤیژن و ژوری بازرگانی و پیشەسازی یاداشتی لێکتێگەیشتن ئیمزادەکەن



ڕۆژی دوو شەممە ١٤/٤/٢٠٢٥ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی یاداشتێکی لێکتێگەشتنیان ئیمزاکرد. ئیمزاکردنەکە لە بۆنەیەکی شیاوداو بە ئامادەبونی ئەندامانی هەردوولا لە تەلاری ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی لەلایەن سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن و سەرۆکی ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانیەوە بەڕێوە چوو.

# چالاکییەکان

بەشێک لە چالاکییەکانی چەند مانگی ڕابردوومان نموونەیەکن لەگرنگیپێدانی دامەزراوەکەمان بەو پرسانەی لەئێستادا گرنگن بۆ کارلەسەرکردن. ئێمەخۆمان بە بابەتێکی دیاریکراوەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو کارکردن لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی وەک: یاسایی، سیاسی، ئابووری، دارایی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەییانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە بە کاری لەپێشینەی خۆمان دەزانین و بەگوێرەی توانا، بوار و لەپێشینەبوونی هەنگاوەکانمانی لەسەر چڕ دەکەینەوە.

### نەخشەڕێگای بەرەنگاربونەوەی ماده هۆشبەرەکان راگەیەندرا

ڕۆژی ٢٦/٥/٢٠٢٥ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت، لەرۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی مادە هۆشبەرەکاندا، نەخشەڕێگایەکیان بۆ بەرەنگاربونەوەی مادە هۆشبەرەکان راگەیاند. لەسەرەتای دیدارەکەدا کوێستان محەمەد وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا دۆخی بەکارهێنان و بازرگانی بەمادەهۆشبەرەکانی روونکردەوە وباسی لەو رێکارانەش کرد کە لە چاکسازیەکانی هەرێم ولایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی هەرێم پەیڕەو دەکرێن.



### پەیوەندیەکانی نێوان کورد و تورک لەگفتوگۆیەکی کراوەی دامەزراوەی ڤیژندا

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨/٦/٢٠٢٥ دێسکی تورکیا لە دامەزراوەی ڤیژن بۆلێکۆڵینەوەی ستراتیجی، گفتوگۆیەکی کراوەی لەگەڵ بەڕێز (ئۆیتون ئۆرهان) ئەکادیمیست و پسپۆڕ لەدۆسیەی سوریا لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵات ناوەڕاست "ئۆرسام" ڕێکخست. ناونیشان وتەوەری گفتوگۆکان پێکهاتبوو لە " دەستپێکردنەوەی دیدارەکانی نێوان کورد وتورک، سیاسەتی نوێی تورکیا لەهەمبەر سوریا و رۆژئاوا"کە بە ئامادەبونی دەستەبژێرێک لە ئەکادیمی و پسپۆڕانی بواری سیاسەت و راگەیاندن بەڕێوەچوو.



### بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی و کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان

ڕۆژی یەک شەممە ١٦/٥/٢٠٢٥ دێسکی سیاسی لەدامەزراوەی ڤیژن بۆلێکۆڵینەوەی ستراتیجی بە ئامانجی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک دەربارەی ئاستی پیشەیبوونو بێ لایەنی دادگای فیدڕاڵی عێراق لە بڕیارەکانیدا،هەروەها ئەگەری خراپ بەکارهێنانی بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی لە لایەن پارتە سیاسیەکان و لایەنە مەزهەبیو ئیتنیکیەکان، بە بەشداری دەستەبژێرێک لە کەسانی یاساناس و توێژەر و ئەندامان یئەنجومەنی نوێنەران و پەرلەمانتاران گفتوگۆیەکی کراوەی رێکخست.







### یوست هێلتەرمان: "بەغدا لەو پێگەیەدا نییە مەرجەکانی بەسەر کورددا بسەپێنێت"

یوست هێڵتەرمان، راوێژکاری تایبەت بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا لەگروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ڕۆژی ٢٠٢٥١٦١٣ لە گفتوگۆیەکی کراوەی دامەزراوەی ڤیژن بۆلێکۆڵینەوەی ستراتیجی، شرۆڤەی ناکۆکیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی کرد وبە پێویستی زانی "کورد نێوماڵی خۆی رێکبخاتەوە و گەندەڵی کەمبکاتەوە". بە بڕوای هێلتەرمان "حکومەتی عێراق لاوازە و ناتوانێت وەک دیکتاتۆرێک پەلاماری هەرێمی کوردستان بدات"، ئاماژەی بەوەشکرد "هەرێمی کوردستان لە کەرتی نەوت و گازدا نابێت پشت بە بەغدا ببەستێت و پێویستە سەرچاوەکانی داهاتیشی فرەچەشن بکات".



### پرۆژەی چاویکراوە، بەکەرتی کارەبا دەستیپێکرد

ڕۆژی ١٥/٠٥/٢٠٢٥ لە دامەزراوەی ڤیژن یەکەمین خولی دانیشتنەکانی پرۆژەی چاوی کراوە بەڕێوەچوو. لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەناوی (چاوی کراوە)و لەپێناو رەخساندنی شەفافیەتی زیاتر، گفتوگۆیەکی تایبەتبە ئاڵنگاری و کێشە وئاسۆکانی باشترکردنی خزمەتگوزاری کارەبای گشتی لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو.



### یاسای پارتە سیاسیەکان لە فۆکەس گروپێکی دامەزراوەی ڤیژیندا

ڕۆژی شەممە ١٠/٥/٢٠٢٥ لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی باس لە پەیکەر و پێکهاتەی پارتە سیاسیەکان و ئۆرگانەکانی بڕیاردانی پارتە سیاسیەکان لەهەرێمی کوردستان کرا. لە درێژەی زنجیرە فۆکەس گروپەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی گشتگیری دامەزراوەی ڤیژن، ئەمڕۆ زنجیرەی دووەم ئەنجامدرا، ئەم فۆکەس گروپەیان تایبەت بوو بە لایەنی یاسایی پێکهاتەو دامەزراوەی پارتە سیاسیەکان بە پێی هەردوویاسای فیدراڵی عێراق وهەرێمی کوردستان، لایەنە ئەرێنی و نەرێنی یاساکان باسوخواسی لەسەرکرا.



## کونسوڵی کۆریای باشوور پڕۆژەیەکی بۆ گەشەپێدانی ئابووری هەرێم ڕاگەیاند

سیونچۆل لیم کونسوڵی گشتی کۆریای باشوور ڕۆژی (٥\١٦\٢٠٢٥) لەدامەزراوەی ڤیژن پڕۆژەیەکی بەناوی (دوو کەیس ئیکۆ بۆ گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان) ڕاگەیاند.

لە پڕۆژەکەیدا کونسوڵی کۆریا زۆر بە ووردی باسی گرنگی بەدەستهێنانی متمانە وپێویستی بوونی ناوەندەکانی توێژینەوە و داڕشتنی سیاسەتی گەشەپێدان و پشت بەستن بەتوانای ناوخۆیی کرد، وەک خاڵی بەهێز بۆ گەشەپێدانی ئابووری. کونسوڵی کۆریا لە سیمینارەکەیدا باسی لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئابووری کۆریای باشوری کرد و بەراووردی کرد بە هەرێمی کوردستان.



## پاشەکشەی ئابووری هەرێم لەبەردەم باڵکێشانی عێراقدا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ڕۆژی (٢٠٢٥/٥/٤) سیمینارێکی بۆ د. یەریڤان سەعید بەرپرسی دەستپێشخەری نێودەوڵەتی کورد لە زانکۆی ئەمریکی لەواشنتن، دەربارەی"جەنگی ئابوری بەغداد بەرامبەر هەرێمی کوردستان" ڕێکخست. د.یەریڤان سەعید لە سیمینارەکەیدا باسی لەو هەنگاوە کارگێڕی و یاساییو سیاسیانەی بەغداد کرد، کە ساڵانێکە دەیگرێتە بەر بەرامبەر هەرێمی کوردستان، کەلە ئەنجامدا بوونەتە هۆی سەرەکی پاشەکشەی وەبەرهێنان و ئابووری هەرێم، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە هەرێمی کوردستان.





## دۆخی گواستنەوەو هاتوچۆی گشتی لەپانێڵێکی ڤیژندا

ڕۆژی ٥ شەممە ١٠/٤/٢٠٢٥ لە شاری سلێمانی و لە هۆڵی دیدگا دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی پانێڵێک و گفتوگۆیەکی کراوەی بۆخستنەڕوی ئاڵنگاری وچارەسەرەکانی بواری گواستنەوەی گشتی ئەنجامدا. پانیڵەکە لە ژێر ناونیشانی (هەڵسەنگاندی ستراتیجی بۆ دۆخی گواستنەوەوڕێکخستننەوەی هاتوچۆی گشتی لە شاری سلێمانی) دا بوو، کەتێیدا لایەنی باڵای حکومی و حکومەتی خۆجێی و کۆمپانیا وەبەرهێنەکان و کەسایەتی ئەکادیمی و دامەزراوە تایبەتمەندەکانی بواری گواستنەوەی گشتی بەشداربوون .



## پێکهاتەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لەپرۆژەیەکی دامەزراوەی ڤیژندا

ڕۆژی یەک شەممە ٢٧/٤/٢٠٢٥ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی فۆکەس گروپێکی ڕێکخست بۆ قسەکردن و تاوتوێکردنی پەیکەر و پێکهاتەی پارتە سیاسیەکانو ئۆرگانەکانی بڕیاردانی پارتە سیاسیەکان لەهەرێمی کوردستان. ئەم فۆکەس گروپە کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژەران وئەکادیمیەکانی بواری سیاسی بەڕێوەچوو، دەکەوێتە چوارچێوەی زنجیرە پرۆژەیەکی دامەزراوەکە بۆ باشترکردنی ئەزمونی پارتە سیاسیەکان و بەئەنجامیش باشترکردنی ئەزمونی هاوڵاتیان لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان.

# نوێترین لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەکانی ڤیژن

دامەزراوەی ڤیژن ،شەش توێژینەوەی تازە بڵاوکراوە، لەگەڵ زنجیرەیەک ڕاپۆرت و بابەت پێشکەش دەکات کە بابەتی گرنگ لە بواری سیاسەت، ئاسایش، ئابووری، وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەگرێتەوە. ئەم بڵاوکراوانەئامانجیان ڕەخساندنی گفتوگۆی بابەتیانەو و تێڕوانینێکی ستراتیژییە بۆ دارێژەرانی سیاسەت و کەسانی پەیوەندیدار بە گشتی.




پێکەوەژیانێکی سەردەمیانە، سلێمانییەکی جوانتر دەستەبەردەکات




ئەنجامی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو




حلول تعزيز اللامركزية في إقليم كوردستان




The Role of Foreign Direct Investment in the Kurdistan Region




Professional Intervention in the Field of Social Work with Returning Migrants




Modern Coexistence Enhances a More Beautiful Sulaymaniyah. The Solutions are to Support the Coexistence of Christians in The City of Sulaymaniyah



# پلان و چالاکییەکانی داهاتووی دامەزراوەی ڤیژن

1. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)، ڕێکخراوێکی تایبەت بە توێژینەوەی ستراتیجییە، ئامانجیەتی کە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە داراییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئاسانکاری بۆ گفتوگۆ و پێشخستنی چارەسەری بەردەوام و هاوبەش.

2. یەکێک لە ئەولەویەتە ستراتیجییەکانمان بۆ قۆناغی داهاتوو، چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەیە کە ڕووبەڕووی کۆچبەرە گەڕاوەکان دەبێتەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان. ئامانجمان پەرەپێدانی چارەسەری پراکتیکی و بەردەوام بۆ تێکەڵبونەوە لە ڕێگەی ئامادەکردنی (پۆلسی پەیپەر) کارنامەی سیاسەت لەسەر بنەمای بەڵگە و ئاسانکاری بۆ فۆکەس گروپەکان و گفتوگۆکانی کۆمەڵگا بەگشتی. ئامانجمان پشتگیریکردنە لە تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی گەڕاوەکان لە کۆمەڵگاکانیاندا.

3. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە جێبەجێکردنی داڕشتنی پلانێکی گشتگیردایە، بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەسەندنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە ڕاکێشانی وەبەرهێنان. ڕێبازەکەمان بریتییە لە دابینکردنی چارەسەری پشت ئەستور بە داتا و زانیاری، بڵاوکردنەوەی وتارەکانی سیاسەت، و چارەسەرکردنی پرسە سەرەکییەکانی پەیوەست بە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی.

4. یەکێک لە ئەولەویەتە ستراتیجییەکانمان ئەنجامدانی توێژینەوە و میوانداریکردنی گفتوگۆیە لەسەر لامەرکەزییەت و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە زیرەکەکان لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیا، بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی شارەوانییەکان لە کەمکردنەوەی بارگرانییە کارگێڕییەکان و باشترکردنی کارایی و کوالیتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان.



• دەرفەتی توێژەر

دامەزراوەی ڤیژن دەرفەت بۆ توێژەران دەڕەخسێنێت کە بەشداری لە پڕۆژەی جۆراوجۆردا بکەن. کەسانی ئارەزومەند هان دەدرێن داواکاری پێشکەش بکەن.



• بانگەواز بۆ خوێندکارانی زانکۆ

بانگەوازێک بۆ خوێندکارانی زانکۆ ڕاگەیەندرا کە ویستی بەشداریکردن لەدەستپێشخەرییەکانی دامەزراوەی ڤیژن دەکەن. وردەکارییەکان لە ماڵپەڕی دامەزراوە بەردەستە.

## لە دیدگاوە بۆ کاریگەری

لەگەڵ داخستنی دووەم هەواڵنامەمان، دیدگای خۆمان بۆ خوێنەرانمان دووپات دەکەینەوە کە لەسەر ئاشتی و خۆشگوزەرانی و مافەکانی مرۆڤ بنیات نراوە. دامەزراوەی ڤیژن پابەندە بە پێشخستنی گفتوگۆی کراوە و لێکۆڵینەوەی کرداریی لە پێناو داهاتوویەکی باشتر بۆ هەمووان.

**لە پەیوەندیدا بن لە گەڵمان.**


www.visionfoundationiq.org | info@vfssiq.org

Vision Foundation
for Strategic Studies

| visionfoundationiq

Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org